# فیقهی ئاسان: بەشی تاوانەکان: باسی تۆڵە کردنەوە

< کوردی - كردي - kurdish >

دەستە بژێرێک لە زانایان

وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الفقه الميسر: كتاب الجنايات: مسألة: القصاص

نخبة من العلماء

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# تۆڵە کردنەوە

**بابەتی یەکەم : پێناسەی تاوان، وجۆرەکانی :**

**مەرجەکانی تۆڵەکردنەوە (القصاص) لە گیان ونەفسدا :**

کەسوکاری کوژراوەکە بەچەند مەرجێك مافی ئەوەیان هەیە کە تۆڵەی کوژراوەکەیان بکەنەوە، ئەو مەرجانەیش بریتین لە : -

1- ئەبێت بکوژەکە موکەلەف بێت، واتا : ژیر وبالغ بێت، چونکە منداڵ وشێت و گێل و نەفام وکەسی خەوتویش تۆڵەیان لێ ناکرێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { رفع القلم عن ثلاثة : عن النائم حتى يستيقظ، وعن الصبي حتى يبلغ، وعن الجنون حتى يفيق }[1]، واتا : پێنوسی تاوان لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە : لەسەر کەسی نووستوو هەتا ئەو کاتەی هەڵدەسێت لەخەو، لەسەر منداڵ هەتاوەکو باڵغ دەبێت، لەسەر شێت هەتاکو چاك دەبێتەوە.

چونکە ئەوانە هیچ نیەت و مەبەستێکی ڕاست ودروستیان نەبووە لە کوشتنەکەیاندا، یان لەبەر ئەوەیە کە هەر مەبەستیان نەبووە لە ئەصڵدا.

2- ئەبێت کەسی کوژراو کەسێکی بێ تاوان و بێ گوناە بێت و خوێنی پارێزراو بێت، چونکە تۆڵەسەندنەوە خۆی بۆ ئەوە کراوە کە خوێنی کەسی تر نەڕێژرێت، دیارە کەسێکیش خوێنی خەڵك بڕێژێت خوێن وگیانی پارێزراو نابێت ودەبێت بکوژرێتەوە، بۆیە ئەگەر کەسێکی موسڵمان بێباوەڕێکی جەنگاوەری کوشت، یان کەسێکی پاشگەز بووەوەی لەدین کوشت، پێش ئەوەی تەوبە بکات وبگەڕێتەوە، یان زیناکارێکی ژنهاوەر وشووکردووی کوشت، ئەوا کەسی بکوژ تۆڵەی لێ ناکرێتەوە، و (دیە) وخوێندانیشی ناکەوێتە سەر، بەڵام دەبێت تەمێ بکرێت چونکە سنوری حاکم و دەسەڵاتی بەزاندووە.

(1) ئەبو داود بەفەرموودەی ژمارە (4401) و نەسائی لە سونەنەکەیدا (156/6) ڕیوایەتیان کردووە، و شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە (الإرواء : ژمارە (297) .

3- دەبێت هاوشانی هەبێت لەنێوان بکوژ و کوژراوەکەدا، دەبێت لە ئازادی و ئاین و کۆیلایەتیدا یەکسان بن، چونکە کەسی موسڵمان ناکوژرێتەوە لەبەرامبەر کەسێکی بێباوەڕدا، ئەگەر بکوژەکە کەسێکی کۆیلەی موسڵمان بێت و کوژراوەکەیش کەسێکی بێباوەڕی ئازاد بێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : " لا يقتل مسلم بكافر " [1]، واتا : موسڵمان لە بەرامبەر بێباوەڕدا ناکوژرێتەوە.

هەروەها کەسی ئازاد لە تۆڵەی کەسێکی کۆیلەدا ناکوژرێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ ﴾ [ سورەتی البقرة : 178 ]، واتا : کەسی ئازاد لە بەرامبەر کەسی ئازاد و کەسی کۆیلەیش لە بەرامبەر کەسی کۆیلەدا دەکوژرێنەوە.

جگە لەمانەی باسکران، ئیتر جیاوازیەکان لەنێوان بکوژ و کوژراودا هیچ کاریگەریەکی نابێت لەسەر تۆڵەکردنەوە یان نەکردنەوە، کەسێ ناودار و خانەدان لە تۆڵەی کەسێکی بێ ناونیشان و نەناسراو وبێ پلەوپایەدا دەکوژرێتەوە، هەروەها پیاو لە تۆڵەی ئافرەتدا دەکوژرێتەوە، کەسی ساغ وسەلیم لە تۆڵەی کەسی شێت و گێل ونەفامدا دەکوژرێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو گشتگیرەی کە لەم ئایەتەدا باسکراوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ ﴾ [ سورەتي المائدة: 45 ] واتا : بڕیارماندا لەسەریان کە تۆڵەی کوشتنی گیانێك، گیانێکە، واتە: ئەرکەسێك کوژرا، تەنها بکوژەکەی دەکوژرێتەوەو، نابێ دەس بۆکەسێکی تر ببرێت.

4- نەبوونی هیچ پەیوەندیەکی باوك وکوڕایەتی یان باوك وکچایەتی، یان دایك وکوڕایەتی یان دایك وکچایەتی، مەبەست لەوەیە نابێت کوژراوەکە مناڵی بکوژەکە بێت، یان منداڵی منالەکەی وبەرەو خوارتریش بێت، بۆیە هیچ یەکێك لە دایك وباوك وبەرەو ژوورتریش لەتۆڵەی منال و منالی منالەکانیشیاندا ناکوژرێنەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی: " لا يقتل الوالد بولده " [2]، واتا : باوك لە تۆڵەی منالیدا ناکوژرێتەوە .

بەڵام بە پێچەوانەوە منال لە تۆڵەی دایك وباوکیدا دەکوژرێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی گشتگیری ئەو ئایەتەی کە ئاماژەمان پێدا، و خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى ﴾[سورەتی

---

(1) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (6915) ڕیوایەتی کردووە.

(2) تیرمذی بەفەرموودەی ژمارە (1433 -1434) وابن ماجه بەفەرموودەی ژمارە (2661 -2662) ڕیوایەتیان کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە صەحیحی ان ماجه فەرموودەی ژمارە (2156-2157) .

البقرة : 178 ]، واتا : بەشێوەیەکی دادگەرانە و یەکسانیی و، بێ دەست درێژیی و زیادە ڕەویی (قیساس) وتۆڵەمان لەسەر داناون لە کوژراوەکاندا.

### حیکمەت لە تۆڵەکرنەوە ( القصاص ) :

خوای گەورە تۆڵەکردنەوە وقیصاصی داناوە بۆ ئەوەی ڕەحمەت بێت بۆ خەڵکی، تاوەکو خوێنیان پارێزراو بێت لەڕشتنی بەناھەق لە لایەن کەسانی دەستدرێژی کار وزاڵمەوە، وە ھەروەھا تاوەکو ببێت بەھۆی ئەوەی ئەوانەی کە دەیانەوێت دەستیان دەچێتە خوێنی خەڵکیەوە بگەڕێنەوە لە دەستدرێژی کردن ودوژمنکاریان، وە بۆ ئەوەشیی ئەو کەسەی کە گوێناداتە سزا وئازاری خەڵکی ئەو تاڵی وسزایە بچەشێت کە غەیری خۆی بێ گیرۆدە کردووە، وە ھەروەھا یەکێکی تر لە حیکمەتەکانی تۆڵە کردنەوە ئەوەیە دەبێتە ھۆی ئەوەی ئاوێك بکات بەسەر ئەو تورەیی و کەفو کوڵەی کە کەسوکاری تاوان لەسەر کراوەکە تووشی بوون بەھۆی دەستدرێژی تاوانبارەکەوە، وە دیسان تۆڵە خۆی لەخۆیدا مانای ژیان و ژیانەوە وبەردەوامی تۆوی مرۆڤایەتی دەگەیێنێت، ھەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴾ [ البقرة : 179 ]، واتا : ئەی خاوەن بیرو تێگەیشتوان! ئەو تۆڵە وەرگرتنەوەیە بەخشینی ژیانی تێدایە.. چونکە گەر تۆڵە وەرگرتن نەبێت، کوشتن لەناو کۆمەڵگەدا گەلێك زۆر دەبێت، بەڵام بە بڕیاردان لەسەر ڕەوایی تۆڵە سەندنەوە، ئیتر ھیچ کەسێك بەئاسانیی ناتوانێت کەسێکی تر بکوژێت و، لە ترسی ئەوەی کە نەیکوژنەوە خۆی لە تاوانی کوشتنەکە بەدوور دەخاتەوە.. مەسەلەیەکی تریش شایانی باس کردنە، ئەویش ئەوەیە کەسوکاری کوژراو خۆیان حەقی تۆڵە وەرگرتنەوەکەیان ھەیە، بەڵام پێویستە حکومەت بۆیان وەربگرێتەوە، نەك خۆیان، چونکە ئەگەر خۆیان حەقی خۆیان بکەنەوە، دەبێتە مایەی توند بوونی دوژمنایەتی و دووبەرەکی لە نێوان ھەردوو لاداو، ڕەنگە ڕووداوو کارەساتی تری لێ بکەوێتەوە.

### مەرجەکانی جێ بەجێ کردنی تۆڵە کردنەوە ( القصاص ) :

ئەگەر ھاتوو مەرجەکانی جێ بەجێ کردنی تۆڵە کردنەوە ( القصاص ) ھاتنە دی و واجب بوون، ئەوا تۆڵە کردنەوە جێ بەجێ ناکرێت وبەسەر تاوانباردا ناچەسپێت بە چەند مەرجێك نەبێت، ئەوانیش بریتین لە :

1- ئەبێت ئەو کەسانەی یان ئەو کەسەی کە شایانی ئەوەیە تۆڵەی بۆ بکرێتەوە، موکەلەف بێت، واتا: باڵغ و عاقڵ بێت، مانای وایە: ئەگەر ھاتوو ئەو کەسەی کە تۆڵەی بۆ دەکرێتەوە یان ھەندێکیان

منداڵ بوون یان شێت بوون، ئەوا کەسێکی تر ناتوانێت ببێت بە جگێرەوە بۆیان لە تۆڵە کردنەوەدا، بەڵکو دەبێت تاوانبارەکە زیندانی بکرێت تا ئەو کاتەی ئەگەر هاتوو کەسی تۆڵە بۆ کراوە منداڵ بوو باڵغ دەبێت، یان ئەگەر شێت بوو چاك دەبێتەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە موعاویە ( خوای لێ رازی بێت ) ئەمەی جێ بەجێ کردووە، وهاوەڵانیش پێی ڕازی بوون، بۆیە وەك کۆدەنگی ( إجماع ) ی لێهاتووە.

2- دەبێت کەسوکاری تۆڵە بۆ کراو وخوێن ڕژاوەکە هەموویان ڕێ بکەون لەسەر جێ بەجێ کردنی تۆڵە کردنەوە وقیصاص، بۆیە نابێت هەندێکیان بەبێ ڕای هەندێکی تریان تۆڵە بکەنەوە و قیصاص جێ بەجێ بکەن، چونکە ئەو بابەتە هەقی ئەو هەندەی تریشی پێوەیە کە ڕایان وەرنەگیراوە، یان ڕازی نەبوون پێی، وە هەروەها ئەگەر کەسێکیان ئامادە نەبوو دەبێت چاوەڕوان بکرێت تا دەگەڕێتەوە وڕای وەردەگیرێت، وە چاوەڕوانی منداڵ بکرێت تا باڵغ دەبێت، وە چاوەڕوانی شێت بکرێت تا چاك دەبێتەوە، وە ئەگەر هەرکەسێك لەوانەی مافی تۆڵە کردنەوەیان هەیە مردن، ئەوا کەسەکانی تری دەبنە جێگرەوەی، بۆیە ئەگەر هەندێك لە کەسەکانی لە مافی خۆیان خۆش بوون و تاوانبارەکەیان عەفو کرد، ئەوا قیصاص وتۆڵە کردنەوەکە جێ بەجێ ناکرێت، دەبێت هەنگاوێکی تر بنرێت بۆ دەستەبەر کردنی مافی ئەوانەی کە داوای تۆڵە کردنەوە دەکەن ئەویش ئەوەیە کەسوکاری تاوانبارەکە ئەوانە ڕازی بکەن بە پێدانی مافی هەر کەسێکیان لە خوێنی کەسەکەیاندا.

3- دەبێت تۆڵە کردنەوە و قیصاص، لەوە دڵنیا کرا بێتەوە کە ئەو تۆڵە کردنەوە سەر نەکێشێت بۆ غەیری تاوانبارەکە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَلَا يُسْرِف فِّي ٱلْقَتْلِۖ ﴾ [ الإسراء :33 ]، واتا: نابێت زیادەڕەویی بکات لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوەدا، جۆرێك لە زیادە ڕۆی لە کوشتندا ئەوەیە کەسوکاری کوژراوەکە کەسێکی تر جگە لە تاوانبار بکوژنەوە، بۆیە ئەگەر هاتوو تۆڵە کردنەوە و قیصاصەکە لەسەر ئافرەتێکی سکپڕ واجب بوو، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت تاوەکو منداڵەکەی دەبێت، چونکە کوشتنی ئەو ئافرەتە بەو حاڵەتەوە دەست درێژی کردنیشە سەر کۆرپەلەکەی ناو سکیەتی، کاتێکیش کە منداڵەکەی بوو، ئەگەر ئافرەتێك هەبوو شیر بداتە منداڵەکەی ئەوا قیصاصەکەی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت، وە ئەگەر نا ئەوا دەبێت چاوەڕوان بکرێت تاوەکو دوو ساڵ لەشیری دەبڕێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەی ڕووداوی ئافرەتە غامدیەکە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: { إذن لا نرجمها وندع ولدها صغيرا ليس له من يرضعه } واتا : کەواتە بەردبارانی ناکەین ومنداڵەکەی وازی لێ ناهێنین مادام کەسێك نیە شیر بداتە منداڵەکەی، ئەوە بوو پیاوێك لە

ئەنصار هەستایە سەرپێ و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا شیردانەکەی لە ئەستۆی من بێت، ئەوەبوو دواتر بەرد بارانیان کرد [1].

حوکمەکانی تۆڵە کردنەوە ( القصاص ):

1- تۆڵەکردنەوە و قیصاص دەبێت بە ئامادە بوون ئیمام وپێشەوای موسڵمان یان بە ئامادە بوونی ئەو کەسەی کە جێگرەوەیەتی جێ بەجێ بکرێت، چونکە ئەوە ئیمام و پێشەوای موسڵمانانە کە پێی هەڵدەستێت و مۆڵەتی جێ بەجێ کردنی دەدات، ئەویش بۆ ئەوەی کە زوڵم وستەمی تێدا نەکرێت، و بە شێوەیەکی شەرعی جێ بەجێ بکرێت، و فەساد و خراپە کاری وفەوزا ڕوو نەدات تێیدا.

2- ئەصڵ و بنەما وایە، کەسی تاوانبار چی کردووە بەو کەسەی کە دەست درێژی کردوەتە سەری بەو شێوەیەی لێ بکەنەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ ﴾ [ النحل : 26 ]، واتا : ئەگەر تۆڵەتان سەندەوە ئەوە بە ئەندازەی ئەو ستەمەی دژتان کراوە تۆڵە بکەنەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) سەری ئەو پیاوە جولەکەی خستە نێوان دوو بەردەوە و کوشتیەوە، دوای ئەوەی ئافرەتێکی موسڵمانی کوشت بوو بەهەمان شێوە، هەروەها ئەگەر هاتوو دەستێکی بڕی بوو، وە پاشان کوشت بووی، ئەوا بە هەمان شێوەی لەگەڵدا دەکرێت [2]..

3- دەبێت ئەو ئامێرەی کە تۆڵە کردنەوە وقیصاصەکەی پێ جێ بەجێ دەکرێت، تیژ و بڕەر بێت، وەك شمشێر و چەقۆ و خەنجەر وهاوشێوەکانی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إذا قتلتم فإحسنوا القتلة } [3]، واتا : ئەگەر هاتوو کەسێکتان کوشتەوە لە تۆڵەی کەسێکی تردا ئەوا جوانترین شێوە بیکوژنەوە .

4- ئەگەر هاتوو کەسوکاری کوژراوەکە توانیان بەشێوەیەکی شەرعیانە تۆڵە کردنەوەکەی خۆیان جێ بەجێ بکەن - مەبەست ئەوەیە بە ئامادە بوونی دەستگا بەرپرسەکانی دەسەڵات وحکومەت، نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکەی و هەرکەس بۆ خۆی - ئەوا حاکم وپێشەوای موسڵمانان ئەو کەش وهەوایەی

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1695) ڕیوایەتی کردووە .

(2) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (2413) و موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (1672) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1955) ڕیوایەتی کردووە.

بۆ دەسازێنن، تاوەکو بتوانێت مافی خۆی وەربگرێتەوە، وە ئەگەر نەیتوانی بە شێوەیەکی شەرعی جێ بەجێی بکات ئەوا کەسێك دەکات بە وەکیلی خۆی کە شارەزایی هەبێت تاوەکو بۆی جێ بەجێ بکات.